وەزارەتی کارەبای هەرێم: سبەی کارەبا ئاسایی دەبێتەوە



وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە دوای کەوتنەوەکاری کۆگەی غازی کۆمە، سەرلەبەیانی سبەی شەممەدەخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ئاسایی دەبێتەوە.

وەزارەتی کارەبا ئەمشەو هەینی ڕایگەیاند: پاش هەوڵ و کۆششی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی کارەبا و تیمەکانی کۆمپانیای دانەغاز، توانرا گرفتی بڕەهەمهێنانی غاز لە کۆگەی کۆمە چارەسەر بکرێتەوە.

ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا لە کۆگەی سەنتەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمەوە سەرقاڵی ئاسایکردنەوەی ئیشپێکردنی یەکەکانی وێستگە غازییەکانی کارەبان.

وەزارەتی کارەبا جەختیشی کردەوە کە پرۆسەی ئیشپێکردنەوەی یەکەکانی وێستگە غازییەکان تاوەکو کاتژمێر 10ی بەیانی دەخایەنێت.